پەرلەمانی کوردستان
سەنتەری توێژینەوە

# بەهائییەکان لە کوردستان

## کورتە ڕاپۆرتێک سەبارەت بە مێژوو، قەبارە و ئامانجی کۆمەڵگای بەهائی لە هەرێمی کوردستاندا

**نوسین و ئامادەکردنی:**
شەوبۆە نجم الدین عارف
٢٠١٥/٨/٢٤

# ناوەرۆک


| بابەت | لاپەرە |
| --- | --- |
| پێشەکی ............................................... | ٢ |
| مێژووی بەهائیەکان لە عێراق و کوردستاندا ........... | ٢ |
| قەبارەی کۆمەڵگای بەهائی ............................ | ٤ |
| ئامانجی بەهائییەکان لە کوردستان ...................... | ٥ |
| سەرچاوەکان ........................................... | ٧ |
| پاشکۆکان......................................... | |

# بەهائییەکان لە کوردستان

## کورتە ڕاپۆرتێک سەبارەت بە مێژوو، قەبارە و ئامانجی کۆمەڵگای بەهائی لە هەرێمی کوردستاندا

**پێشەکی :**

ئەم راپۆرتە لەسەر داواکاری لیژنەی ئامادەکردنەوەی دەستوور لە پەرلەمانی کوردستان نوسراوە بۆ تیشک خستنەسەر ئەو لایەنانەی پرسیار دروستدەکەن سەبارەت بە مێژوو و قەبارە و بیروباوەری کۆمەڵگای بەهائی لە هەرێمی کوردستاندا، وە ئەم راپۆرتە هەوڵێکیشە بۆ بەتەنگەوەچوونی ئەو داواکاریەی کە ئەنجومەنی بەهائی کوردستان لە هەولێر پێشکەشی پەرلەمانی کردبوو بۆ رەچاوکردنی ئاینی بەهائی لە ریزبەندی پێکهاتەکان لە دەستوری نوێی هەرێمی کوردستاندا.

**مێژووی بەهائیەکان[١] لە عێراق و کوردستاندا:**

ئاینی بەهائی لەسەر دەستی بەهائوللا–میرزا حوسەینعەلی دروستبووە، کە خەڵکی تاران بووەو یەکێک بووە لە یەکەمین پەیرەوکارانی[٢] رێبازی بابی[٣] . لەپاش ئیعدامکردنی الباب[٤] ، دامەزرێنەری رێبازی بابی لە ١٨٥٠ز دا و سەرکوتکردنی بابیەکان لە ئێران لە سەردەستی حوکمرانی قاچاری، وە ئیعدامکردنی ٢٠– ٢٥ هەزار کەس و نەفیکردن و راونانی ئەوانەی کە مابوون لە پەیرەوکارانی بابیەکان، زۆربەیان هەڵهاتن بۆ عێراق و لەنێویشیاندا هەردوو برا میرزا حوسەینعەلی و میرزا یەحیا عەباس نوری[٥] کە لە بەغدا نیشتەجێبون. پاشان ناکۆکی کەوتە نێوان هەردوو برا و دوو رێبازی جیاوازیان بە (بەهائی و ئەزەلی) دروستکرد و هەریەک کۆمەڵێک لە پەیرەوکارانیان لەخۆ کۆکردەوە. ئەمەش بوو بە جێی ترس و نیگەرانی حوکمرانی

---

[١]) بروانە پاشکۆکان – (نەخشەی مێژووی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی بەهائیەکان) بە کەسایەتی و کات وشوێن

[٢]) بەهائی: ئەم ئاینە ناونراوە لەسەر ناوی دانەری بناغەی ئاینەکە کە بەهائوڵلا – میرزا حوسەیتعەلی یە

[٣]) رێبازی بابی: دامەزراوە لەسەر دەستی سید علیمحمد شیرازی، رەگی ئەم رێبازە دەگەرێتەوە سەر رێبازی (شێخیە) کە لە ناو شیعەی ١٢ دا دروستبووە.

[٤]) الباب: واتا (دەروازە) ناونیشانی سید علیمحمد شیرازی یە وەک رێگای پەیوەندی بۆ محمد المهدی/ پێغەمبەری ئاخر زەمان کە زوربەی ئاینەکان ئاماژەیان پێکردوە

[٥]) میرزا یەحیا عباس نوری – ناسراو بە سوبح الازل – کە دانرا وەک جێگری (الباب) و وەلی ئەمری بابیەکان

عوسمانی ئەو سەردەمەی عێراق و لەکۆتایدا نەفیکردنی میرزا حوسەینعەلی بۆ قوستەنتینیەو پاشان بۆ ئەکرە/عەککا لە فەلەستین، و میرزا یەحیا عباس نوری بۆ دورگەی قوبرس.

پەیوەندی مێژوویی کوردستان لە سەرهەڵدان و بزوتنەوەی بەهائیدا لەوەوە بووە کە بەهائوڵلا ساڵی ١٨٥٤زدا بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرخۆی هەڵگرتوە و رۆشتوە بۆ سلێمانی، لە خانەقای مەولانا خالید ژیاوە و چۆتە ئەشکەوتێک لەناوچەی سەرگەڵوو بۆ خەڵوەت و خواپەرستی. دەقە مێژووییەکان ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە بەهائولڵا بە (دەروێش محمدی عەجەمی) خۆیناساندبوو وە هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی لەناو کوردستاندا و نزیک لە ئاشکرابوونی هەوڵیداوە بۆ ئەوەی بچێت بۆ میسر بەڵام خزمانی لە بەغدا دۆزیویانەتەوە و هاتوون بەدوایدا و قەناعەتیان پێکردوە کە بگەڕێتەوە. بەهائوڵلا لەکاتی مانەوەی لە کوردستان و پاش ئەوەش پەیوەندی هەبووە لەگەڵ چەندین کەسایەتی سلێمانی و چەندین نامەی شێواز ئەدەبی شیعر و پەخشانی بۆ نوسیون کە تا ئێستا پارێزراون لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە.

- بەهائیەکان بەهەمان شێوەی کەمایەتیە ئاینیەکانی تر لە عێراقدا کە بە پێکهاتە گەورەو سەرەکییەکان لەقەڵەم نادرێن، barودۆخیان پەیوەست بوە بە گۆڕانکاری واقیعی سیاسی عێراق. ئارامی رەوشی سیاسی عێراق بارودۆخی ئەوانی باشتر کردوە و مافە ئاینیەکانی تاراددەیەک پاراستوون. وە لە بەرامبەردا خراپی دۆخی سیاسیش پتر کاریگەری لەسەر ئەوان هەبوە و هێندەی تر گەراندونیەتەوە بەرەودوا و بەرەنگاری پاکتاوکردنی ئاینی و کوشتن و ئەشکەنجە و دەربەدەری کردون. بۆنمونە: فەرمانڕەوایی عوسمانی گەلێک دژایەتی کردون تا ئەو رادەیەی کە هەمویانی نەفی کردوە بەڵام لە کاتی فەرمانرەوایەتی پادشایەتی عێراقدا بەهائیەکان بە ئاشکرا جێگاو شوێنی پەیرەوی ئاینی خۆیانیان هەبووە، وە لە پاش کودەتای سەربازی ١٩٦٨یش حکومەتی بەعس فشاری لەسەریان زیادکردوەو لە حەفتاکاندا هەموو ئۆفیس و شوێنە رەسمیەکانیانی داخستوە و تەنانەت بەرەسمی ئاینی بەهائیشی ئیلغاکردۆتەوەو لە ناسنامەی مەدەنیشدا ئاینیان گۆڕرا بە ئیسلام. پاش پرۆسەی رزگاری عێراق و لە ٢٠٠٥ دا، دەستوری عێراق لە ١٢ ماددەدا رەچاوی پێکهاتەکانی کردوە و لە چەند برگەیەکی جیاجیادا ناوی چەند پێکهاتەیەکی ئاینی هێناوە بەڵام ئاینی بەهائی بە راستەوخۆ هیچ باسێکی لێنەکراوە. هەرچەندە گەر زیاتر لەو پێکهاتانەی کە ناویشیانهێنراوە بکۆڵینەوە دەبینین دۆخیان لە بەهائیەکان باشتر نییە، و هۆیەکی ئەمەش ئەوەیە کە رەوشی ئاسایشی عێراق لە ناوەندو

باشور رۆژ بە رۆژ لە خراپ بووندایە بەهۆی گروپە تیرۆریستەکانەوە. لەبەرئەوە نەیانتوانیوە بە ئاشکراو رەسمی چالاکییە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکانی خۆیان پەیرەو بکەن و بەردەوام لە کۆچکردندان بۆ دەرەوەی وولات و بەتایبەتیش بۆ هەرێمی کوردستان.

## قەبارەی کۆمەڵگای بەهائی:

لەکاتی ئێستادا بیروباوەری بەهائی لە چوارچێوەی ئاینێکی تەقلیدیدا نەماوە، کە کەسێک وەک مەرجەعیەتێکی رۆحی وەلی ئەمریان بێت و کاروباریان بەرێوەبەرێت، بەڵکو ئیدارەکردنیان لەلایەن خانەی دادوەری باڵا (بیت العدل الاعضم)ەوە بەرێوەدەچێت وەک ئەنجومەنێکی باڵای (٩) کەسی کە لە رێگای هەڵبژاردنەوە دەستنیشان دەکرێن، وە ئەنجومەنێکی باڵای رۆحی دەستانی فەرمانی یەزدان (ایادی امر الله) کە کاروباری ئاینیان بەرێوەدەبات. لە ئێستادا بیروباوەرەکەیان بوەتە بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی-ئاینی جیهانی و ژمارەی پەیرەوکارانیان زیاتر لە (٧ ملیۆن) کەس دەبن لە )٢١٠٠( رەگەزو نەتەوە پێکهاتوون، (٥٦) بنکەی ئەقلیمی و (١٨٨) ئەنجومەنی ئیداریان هەیە لە (٢٤٧) وولاتی جیهاندا و زیاتر لە (٢٠٠) بەرنامەی خێرخوازیان هەیە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا لە پێشخستن و دامەزراندنی یەکسانی کۆمەڵایەتی[٦]. پرۆژەکانیان لە بواری کۆمەڵایەتی، پەروەردە، تەندروستی، رۆشنبیری و تواناسازی مرۆییدا بەرێوەدەچێت، بەتایبەتی لەو کۆمەڵگایانەدا کە ئاستی رۆشنبیری تیادا نزم و کەمدەرامەتن، وە هاووڵاتیان لەو پرۆژانەدا لە بەهائی و غەیری بەهائی هاوتا سوودمەندن، وە پشتگیری داراییشی لە (خانەی دادوەری باڵا)وە بۆ دابیندەکەن کە لە کۆکردنەوەی باج و تەبەروعاتی کۆمەڵگای بەهائیدا کۆکراوەتەوە.

بەپێی هەژماری کۆمەڵەی ئەنجومەنی بەهائیەکان لە هەولێر، ئێستا لە کوردستاندا نزیکەی (١٠٠)[٧] خێزانی بەهائی هەیە بە رێژەی جیاواز لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک. بەشێکیان خەڵکی ناوچەکەن واتە کوردن، وە بەشێکی تریشیان لە دوای ٢٠٠٣ەوە لە پارێزگاکانی تری عێراقەوە هاتوون. هەرچەندە کۆمەڵەی ئەنجومەنی بەهائی ئاماژە بە بوونی

[٦]) /بهائیه https://ar.wikipedia.org/wiki

[٧]) ئەم ئامارە لە هیچ سەرچاوەیەکی دی کە پشتراست نەکراوەتەوە

نوسینگەی رەسمی بەهائیەکان لە سلێمانی، کەرکوک و خانەقین لە ساڵەکانی ١٩٤٠ و ١٩٥٠اکان دەکەن، بەڵام ئەو ریکۆردە فەرمیانە نەماون بەهۆی فشاری سیاسی حکومەتی بەعسەوە لە حەفتاکاندا، و لەم دواییەدا بە شێوەیەکی فەرمی رەزامەندی وەزارەتی ناوخۆیان بەدیهێناوە[٨] لە ٢٠١٢ەوە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵەی ئەنجومەنی بەهائی لە هەرێمی کوردستان کە بنکەیان لە هەولێرە[٩] . وە هەروەها لەسەر پێشنیازی خۆیان لە ٢٠١٥/٥دا بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەرێکی بەردەوام لە وەزارەتی ئەوقاف رەزامەندیان بەدەستهێناوە[١٠] . ئەوان پێیان وایە کە لەبەرچاوبونیان و پەیوەندی و هەماهەنگی بەردەوام لەگەڵ حکومەتدا پارێزگاریە لە مافەکانیان و بۆ حکومەتیش نارونی و مەترسی تێنەگەیشتن لە ئامانج و جموجۆڵ و چالاکی کۆمەڵگاکەیان دەرەوێنێتەوە.

## **<u>ئامانجی بەهائیەکان لە کوردستاندا:</u>**

دروستبونی هەرێمی کوردستان واقعێکی گەشبینی هێناوەتە بەردەم پێکهاتەکان و بەتایبەتیش بەهائیەکان بۆ ئەوەی ئومێدیان نوی ببێتەوە و پارێزگاری لە ناسنامەی سروشتی خۆیان بکەن، لەبەرئەوەی:

**<u>یەکەم:</u>** بەرنامەی حیزبە سیاسیە کوردیەکانی کورد و تاکی کوردیش بە شێوەیەکی گشی کراوەن بەروی بیروباوەرە جیاوازەکان و هیچ کاتێک دژایەتی ئاینیان نەکردوە و هەرگیز دەستێوەردانی کاروباری ئاینی پەیرەوکارانی ئاینە جیاوازەکانیان نەکردوە، وە بە یاساش رێگەیان پێدراوە کە بنکەی ئەنجومەنەکانیان بکەنەوە بە پێی رێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ و ئەوقاف. لەبەرئەوە بەهائیەکان لەو باوەرەدان لەناو کوردستاندا مافە ئاینیەکانیان پارێزراو دەبێت.

**<u>دوهەم:</u>** سەقامگیری هەرێمی کوردستان لە روی ئاسایشەوە بارو دۆخێکی شیاوی هێناوەتە کایەوە بۆ کۆبونەوەو پەیوەندیکردنیان بەیەکەوە و ئەنجامدانی چالاکیە کۆمەڵایەتی و

---

[٨]) بروانە پاشکۆکان- فەرمانی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٥٢٩٢) – ساڵی ٢٠١٢/٢/٢٦ ی وەزارەتی ناوخۆ

[٩]) بروانە پاشکۆکان- پەیرەو و بەرنامەی ئەنجومەنی بەهائی لە هەرێمی کوردستان – بەزمانی کوردی و عەرەبی

[١٠]) بروانە پاشکۆکان- نامەی رەزامەندی وەزارەتی ئەوقاف بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەری بەهائی

ڕۆحیەکانیان، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان  نزیکترین شوێنە لەو ناوچەیەی کە کانگای سەرهەڵدانی ئاینی بەهائی بووە ئەویش واتا ناوچەی عێراق و ئێران. وە هەروەها پەیوەندیەکی ڕۆحی گرێیاندەدات بە ناوچەی سەرگەڵو، پێیان وایە کە بەهائوڵلا لوتکەی نزیکبونەوەی لەگەڵ یەزدان لە ئەشکەوتی ئەو ناوچەیەدا بەدیهێناوە، لەبەرئەوە ئەو شوێنە پیرۆزی و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەلای ئەوان.

**__سێهەم:__** بەهائیەکان ئاماژە بە خزمەتکردنی کۆمەڵگا ئەدەن وەک ئەرکێکی ئاینی، و ڕاددەی چالاکبونی تاکی بەهائی و  کارکردن و پێشخستنی کواڵەتی کارەکانی بە ڕاددەی نزیکبونەوەی ڕۆحی لە یەزدان هەژماردەکەن. ئەمانەش بەوە دەکرێ کە ڕێگەی ئازادی کارکردنیان لێنەگیرێت و مافەکانیان پارێزراوبێت و لە کۆمەڵگایەکی ئارامدا بژین. ئەوان پێیانوایە کە دەتوانن ئەو ئامانجانە بەدیبهێنن لە خزمەتکردنی کۆمەڵگای کوردی لە هەرێمی کوردستان و بەشداری لە پەرەپێدانی ئەم کۆمەڵگایەدا بکەن کە هێشتا لە قۆناغی بنیاتناندایە و دووپاتی دەکەنەوە کە هیچ کاتێک کورسی پەرلەمانی و بەشداریکردن لە حکومەت و حیزبە سیاسیەکان ئامانج و داواکاری ئەوان نابێت چونکە ئامانجی ئەوان لە پەیرەوکردنی بیروباوەرەکەیاندا بەدیدەهێنرێت ئەویش باوەر بە یەکتایی یەزدان و یەکسانی مرۆڤایەتی و کارکردنی جدی بۆ پێشخستنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیە لەروی پەروەردە، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی یەوە. وە بەرزکردنەوەی ئاستی تاک بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خۆی لە دابینکردنی ژیانێکی شایستە و سەربەرز.

بەهائیەکان لەگەڵ ئەوەدا نین دەستوور بەو ئاراستەیەدا بڕوات کە پێکهاتەی ئاینی بەناو تیایدا دەستنیشان بکرێ، چونکە ئەمە لاسەنگییەک نیشان دەدات بۆ بوارێک کە پەیوەستە بە پەیوەندی ڕۆحی مرۆڤایەتی و ئەوەش زۆر تایبەتە بە تاک خۆی، وە پێیان وایە کە پێویستە هەموو ئاینەکان لە رووی یاساوە بەیەک چاو سەیر بکرێت. لەهەمانکاتیشدا دڵەراوکێی ئەوەیانە کە هەژمار نەکردنیان لە ریزبەندی ئاینەکان ببێتە مایەی ترس لە پاشەرۆژدا و کاریگەری نەرێنی لەسەر مافەکانیان بکات و ئەو ئازادی و ئەو پێشکەوتنەی بەدیانهێناوە لە کاتی ئێستادا لە هەرێمی کوردستان بەرەودوا بگەرێتەوە وەکو لە سەدەی ڕابردودا رویداوە.

## (سەرچاوەکان)


١- فهم الدين البهائى – تاليف: ويندى مۆمن & موجان مۆمن- تعريب: رمزى زين
٢- بەدەم رێگاوە گوڵچنین-چەند بابەتێکی کۆمەڵناسی- نەوشیروان مستەفا (کتێبی یەکەم-بەرگی یەکەم)
٣- الاعياد الدينيه فى العراق جسور السلام – خضر دوملى – مركز دراسات السلام و حل النزاعات/ جامعه الدهوک
٤- کتێب و بەڵگەنامەکانی کەلەپوری عێراق – سعدى المالح- Un Ponte Per
٥- کتێبی کەمینەکان لە عێراق – گەران بەدووای دادوەری و یەکسانیدا-ترس لە ئایندە


## (سایتەکان)


https://ar.wikipedia.org/wiki/بهائية

https://bahainafeza.wordpress.com

https://ar.wikipedia.org/wiki/شيخية

https://ar.wikipedia.org/wiki/بابية_ازلية

https://ar.wikipedia.org/wiki/شوقي_أفندي_رباني

https://www.bic.org

# نەخشەی سەرهەڵدان و گەشەسەندنی ئایینی بەهائی

## ڕێبازی شێخیه الاحسائیه



**شێخ احمدی ئەحسایی**
(باوکی ڕوّحی شێخه)
(١١٦٦ك/ ١٧٥٣ز)له(مطیرفیة/ئەحساء)
لەدایك بوه
(١٢٤١ك-١٨٢٥ز) له گوندی (هدیه) له
حەجدا کۆچی دوایی کردوه

جێگر

خوێندوێتی

**سید کازمی ڕەشدی (ڕابەری شێخیه)**
(١٢١٢ك) له (رشت) لەدایك بوه
(١٢٥٩ ك) له کەربەلا کۆچیدوایی کردوه

## ڕێبازی بابی

**(١)**
**سید علیمحمدی شیرازی/ الباب**
**(بابی ئیمامی زەمان )**
له (١٨١٩ز) لەدایك بوه له شیراز
له (١٨٥٠ز) له تەوریز ئیعدام کراوه و له مەزارەکەی
لەسەر چیای (کرمل) ە له فلستین

**(٢)**
**میرزا یحیا عباس نوری/ (سوبحی ئەزەل)**
ڕێبازی (بابیه ازلیه)
١٢٤٦-١٣٣٠ ك
١٩١٢ز له قبرص کوچیدوایی کردوه




باوك برا بوون

## ئایینی بەهائی



**(١)**
**میرزا حوسەین علي/ (بهاءاللة )**
(١٨١٧ز) لة تاران لةدایکبوة
(١٨٩٣ز) کۆچیدوایی کردوة لة حیفا/ فلسطین

کور و جێگر



**(٢ أ)**
عباس افندي حوسەین علي/ (عبدالبهاء)
ڕێبازی (بەهائی عەباسی)
لة (١٨٤٤ز) لةدایکبوة لة تاران
له (١٩٢١ز) کۆچیدوایی کردوه له حیفا/ فلسطین

باوك برا بوون




**(٢ ب)**
محمد علي افندي حوسەین علي
ڕێبازی (بەهائی موحدون)
لة ١٨٥٢ز لةدایکبوة لة تاران

کوڕەزا و جێگر



**(٣)**
شەوقي افندي ربباني/
**(ولي امر بهائي)**
١٨٩٧-١٩٥٧ز کوچیدوایی کرد له لەندەن/ بەریتانیا





**(٤)**
**بیت العدل الأعظم**
**٩ ئەندام بەرێوەی دەبات**
دامەزراوه له ١٩٦٣دا

**( ٤ أ )**
**موئەسەسه هەڵبژێردراوەکان (الامراء)**
- محافل الروحانية المركزية
- مجالس البهائية الاقليمية
- محافل الروحانية المحلية

**(٤ ب)**
**موئەسەسه دەستنیشانکراوەکان (العلماء)**
- ايادي امر اللة
- دار التبليغ العالمي
- هيئات المشاورين القارية
- هيئات المعاونين و المساعدين